# شفاعەتەکانی من و لارا ...
# لەحیکایەتەکانی تەریق بونەوەدا !

بە – توانا ئەمین – ی هاوڕێم پێشکەشە ... کەزۆرترین بڕیاری ژیانی بەدەستە !!

**هێمن حمە جزا**

**ئە مجارەیان ..**
**بەڕەوەیەك پیرە منالی شفاعەتکارەوە دێمەوە !**
**دێمەوە و**
**ئەمەوێ بچمەوە ناوئەو ژورە ساردەی ،**
**کەسەفەر لەسەر پە نجەرەکەی بۆی نوسیبوم :**
**نابەڵەدترین موسافیر ... تۆیت !**
**دێمەوە و**
**ئەمەوێ بچەوە سەرئەو ڕێگایەی ،**
**کەبۆ یەکەمین جار چاوم لەسێبەرەکەی خۆم داگرت و**
**کچێك لەبەر خۆیەوە پێی وتم :**
**خۆپەرسترین عاشق ... تۆیت !**
**دێمەوەو ..،**
**نامەیەکی پەشیمانی بۆئەو گولاَنە ئەنوسم ،**
**کە پێم وتبون :**
**ئەوکچانەی بۆنتان پێوەئەکەن ... هەمویان سۆزانین !**
**ئیمزایەکی خەجاڵەتی بۆئەو ئۆقیانوسانە ئەکەم ،**
**کەلەیاداشتەکانیانا بۆم نوسیبون ،**
**خودا بۆ پێکەنینی خۆی ... ئێوەی خوڵقاندووە !**
**باوەشێك بۆئەو سێوانە ئەکەمەوە ،**
**کە پێم وتبون :**

ئەو ڕەنگە سورانەتان ... نیشانەی تەریق بونەوەی باخەوانەکانتانە !
ئـای ... لەمن ،
تەریقترین پیاوی ناوگەردون !
بەسپێدەما دیارە ،
ئیفلیجترین ڕەنگ و
گوناهبارترین کۆڵان و
حەرامترین کچم ... خۆشئەوێ !
ئـای لەمن ... ئــای !!
ئەوەندە مرواریانە بیر لەتەنهایی ئەکەمەوە ،
ئەڵێم :
ڕەنگە جەنگ ،
ستاتیکاترین قەرەباڵغی بێ !
یان ئەڵێم :
ڕەنگە فلیقانەوەی هێشووە ترێیەك ،
سپیترین موناقەشەی من و خودا بێ !
دێمەوەو
تـا چاوبڕکا ،
شکستی ئاوتان بۆ ئەگێڕمەوە !
دێمەوەو
تــا دەست بیگرێ ،
بێئەزمونی ( بــا ) تان بۆ ئەهێنمەوە !
دێمەوەو
ئەو دوعایانە دێنمەوە بۆدایکم ،
کەلەکچێنییا بۆشوکردن کردبویو
نەگەیشتبونە لای خودا ...!
ئەو ماچانە دێنمەوە بۆیــار ،
کەشەو بەدزییەوەو لەدڵی خۆیا ناردبویو
عەشق هەستی پێنەکردبوو ...!
ئەو سێبەرانە دێنمەوە بۆئەو منالآنەی ،

کەنیوەڕوانان بە پێخاوسی دوای ئەکەوتن و
کەچی ... بۆتەنها جارێکیش ،
بۆیان نەئەگیرا ...!
ئای لەمن ... چەندە بەتەریقی خۆم پەستم !
ئای لەوسەربازانەی ... چەندە بەکوشتنی خۆیان ناڕازین !
ئای لەودرەختانەی ... چەندە لەهەڵوەرینی گەڵاکانیان دودڵن !
لارا ..،
تــا باڵای خۆر ،
( تەم ) داپۆشیوم !
لەئێستاش بەدواوە ،
ڕۆیشتن بێسودە و
ئیدی ... هەرشتێکیش بکەین ،
لەکوفر ئەچێ ... لەکوفر !!
لارا ... کەهاتمەوە ،
لەکۆڵانی دەفتەرێکتا هەڵمبگرە !
لەناوەڕاستی دێڕێکتا بمشارەوە !
وەکو نهێنییەکی زۆرقورس
لەماچێکا ،
ورد ورد بمگێڕەوە !
وەکو مەتەڵێکی نەزانراو
لە پیاسەی ئێوارەیەکتا ،
بمدرکێنە !
لارا ..،
من و تۆ لەخەیاڵی منالێکی وڕکن ئەچین ،
کەبەحەزێکی چڵکن و
هەوەسێکی قڕدانەهاتووەوەو
ئارەزویەکی بێمەنهەجەوە ،
لەماڵە کەڕولاڵەکەی دراوسێیان ،
قەرزی ژیان ئەکا !!

**من دێمەوەو**

**هەرچی میوەی عەسرانە ،**

**لەبەیانییەکا ئەیخۆین !**

**هەرچی تەریق بونەوەمانە ،**

**لەژێر جلەکانی سەفەرەوە لەبەریان ئەکەین !**

**هەرچی مەرحەبایەك هەیە ،**

**لەدڵی خۆمانا ئەیکەین !**

**من دێمەوەو**

**هەرچی نامەیەکمان بۆ هاتووە ،**

**بەماچ ئیملایان ئەکەین !**

**هەرچی ئەستێرەیەکمان گرتووە ،**

**لەداڵغەی سپێدەیەکا بەرەلاّیان ئەکەین !**

**هەرچی تەنهایمان کۆکردۆتەوە ،**

**لەپاش پێکەنینمان بەڕێواس ... باسیان ئەکەین !**

**کچیٚ لارا ...**

**کەهاتمەوە ،**

**ژیان بەناوی مەرگەوەو**

**خۆشمان بەناوی خۆکوشتنەوە ،**

**یەکتری بانگەکەین ...!!**

**مانگی (٢ بۆ ٤ ) / ٢٠٠٢**

**- سلێمانی -**